# حیزبی دێموکڕات ویەکێتی مەلایان بەچ نیازێک!!؟

ئەحمەد بەهرامی

ئەگەر سەرنجی خەبات وتێکۆشانی خەڵکانیتربدەین،دەبینین میللەتانی پێشکەوتوو هەوڵیان بۆلاوازکردنی دەسەڵاتی کۆنەپارێزبووە. شۆڕشی نوێخوازی میللەتان لەپێناو ئەوەدایە لەدەوری بەدیلێکی نوێ وپێشکەوتووکۆبنەوە، بۆئەوە داهاتوویەکی ئازاد بەدی بهێنن.

بەڵام کەسەرنجی شۆڕشی کورد دەدەین ودەڕوانینە ئاکامەکانی،ئێمە بەپێچەوانەی ویست وئارەزووەکانی خۆمان جوڵاوینەوەو دەجولێینەوە! بڕواننە ئاکام ودەسکەوتەکانی شۆڕشەکانی ئێستا وڕابوردو. بڕواننە خیسڵەت وڕووکارە عەمەلیەکانی ئەم شۆڕشانە!.حیزبەکان چەند وشەیەکی دێموکراسی وسەربەستی ڕیزدەکەن،شەوڕۆژ ئەم وشانە دووبارە دەکەنەوە لەقسەوگوفتاریاندا. خەڵکی بۆ دابینکردنی داواکانی وبۆ هاتنەدەر لەژێردەستی وبەدەست هێنانی جێگەو مەنزەلەتی نەتەوەی وسیاسی، وەک میللەت ئامادەن قوربانی فراوان پێشکەش بکەن. حیزبەکان بەم ناوەو بەدروست بوونی ئاوافەزایەک، خۆلەکۆڕوکۆمەڵی دەرەوەهەڵدەقوتێن وخۆ وەک حەرەکەتێکی نوێخواز دەدەنەقەڵەم ولافی نوێخوازی لێدەدەن.

بەڵام لەکردەوەدا ئەم حیزبانە جۆرێکیتر خۆدەردەخەن، نیەت وباوەڕی دەروونی ئەم جۆرەحیزبانە بۆڕامکردنی شۆڕش وڕاگرتنی لەدۆخی هەرەکۆندا، هەمان باوەڕی کۆنەپەرستی ودژی نوێخوازیانەیە پەرەیپێدراوە؟ئەمەش بەناوی ئایینداری وپاراستنی کلتورو خوڕافەوە، هەوڵدەدەن قەوارە دواکەتووەکان بژیێننەوە،لەسەردەمە هەستیارو لەوکاتەی دەبێ حەرەکەتی جەماوەر بەرەوپێش بڕاوت، بەرنامەو پیلانی ئەم حیزبانە ئەوەبووە، کەساڵ دوای ساڵ ئەمخەباتە لاوازتربێت ولەدۆخی کۆنی خۆیدا چەق ببەستێت..

بەچوونەپێشی ڕووداوەکان لەکۆمەڵگادا کەهەستان وشۆڕش تێیداڕوودەدەن، دەبێ ئەم شۆڕشانە ئاکامی پۆزەتیڤ وگۆڕان بخولقێنێت! شۆڕشی کورد بەحوکمی زەبروزەنگێک کەلەسەریەتی وئەم خەڵکە بۆ ئازادی ڕادەربڕین و بۆ مافەکانی خۆی تێکۆشاوە، دەبوو لەکۆمەڵگای کوردیدا گۆڕان بەوجودبێنێت، دەبوو شۆڕشەکانی یەک لەدوای یەک لەکۆمەڵگای کوردستان، بیروڕای گشتی وشعوری سیاسی کۆمەڵ بەرەوپێش بەرن وشێوەیەکی نوێوسەردەمانە بێننەگۆڕ!!؟بەڵام دەبینین بەبۆنەی دەخالەتودەسەڵاتی کۆنەپارێزی وبەرژەوەندی حیزبی ناعیلمی وباوەڕی عەشایری کۆمەڵگاوە، کۆمەڵگای کوردی،میللەتی کورد، یەکێک لەومیللەتانەیە قوربانی دەستی کۆیلەتەی ودواکەوتوویە؟.

هەر ئەم دەورەی ئێمە دەیبینین ولەیادمانە،سی‌ساڵ تێکۆشانی خەڵکی بۆکۆمەڵگایەکی ڕادیکاڵ وعەداڵەت خوازبووە لەموقابیلی دەوڵەتێکی مەزهەبی وکۆنەپارێز..هەموو دەزانن کێشەی کورد لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم، بۆجیای وپێهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نەبووە!!خەباتی ئەم سی‌ساڵە بۆدابینکردنی کۆمەڵگایەی مەدەنی دوورلەکوشتن وهەڵبڕین بووە. خەباتی خەڵکی کورد بۆئەوە بوو کەمافی تاک وکۆمسۆگەربێت وئازادیە مەدەنیەکان بەڕەسمی بناسێندرێن.

ئەوەی بەدەست هاتووە، ئەوەی وەک هێماو درەوشانەوەی گۆڕان بەسەر ئەم شۆڕشەداهاتووە، ئەویش دەخالەتی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگان لەم خەباتەدا بووە لەم دەورەیەدا.شۆڕشی کوردستانی ئێران وەک بزووتنەوەی جەماوەری، ئیدامەو درێژەپێدەری ئەوڕەوتەیە، بەشی ڕادیکاڵ وچەپی کۆمەڵگا قوربانی بۆداوەو لەسەنگەری ئاشکراوناوبەندیخانەکان خەباتی بۆکردوە. ئەمە لەسەرەتای ئەم شۆڕشەداو بەهاتنەمەیدانی داواکاری ڕادیکاڵی و چەپ، هاتنە مەیدانی خەڵک بەشێوەی دەستەجەمعی وبەکۆمەڵ، خۆی نیشانەی ڕاستی وحەقیقین، وەک گۆڕان لەخەبات وشێوەی خەباتی خەڵکی کورد، بۆبەدەستهێنانی مافەکانی خۆی بووە. بۆیە هەموو نیهادە ئازادی خوازوجۆربەجۆرەکان لەکوردستان، وەک دەسکەوتی بەنرخ بەحیساب دێن،کە پۆلپۆل قوربانی بۆدراوە.. ئەمە ئەمڕۆکە لەخەباتی ژنان،خەباتی کرێکاران وخوێندکاران وفەرهەنگیان وبەشە جۆراوجۆرەکاندا خۆی دەبینێتەوە.

بەتێپەربوونی دەورانێکی خوێناوی لەژێردەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی..بەتێپەربوونی دەورانێکی مێژووی لەکاری تێکدەرانەوبەلاڕێدابرنی داواکانی خەڵکی کورد، لەلایەن نیهادە ئاینیەکانەوە لەکەس شاراوە نیە. کاری گروپ ودەستەوتاقمی مەزهەبی کۆنەپارێزان لەکوردستاندا، هەمووی لەخزمەت کۆماری ئیسلامیدابوون. لەم سێ دەیەدا دەستەوتاقمی ئاینی لەکوردستان، هەروەک ماباقی ئێران بارهاتوو وگۆچکراوی یەک باوەڕن، ئەویش لەخزمەت دەسەڵاتی ئاینی حکومەتی ناوەندداببوون..خەڵکی کورد خەباتی خوێناوی کردوە، کە دەبێ مەزهەب ئەمری خسوسی بنیادەمەکان بێت، نەک سەرچاوەی دەسەڵات ودەخالەت لەکۆمەڵگادا ودەخالەتی مەزهەب لەیاساو ئیدارەی کۆمەڵ.

حیزبی دیموکڕات مێژوویەکی کۆنی لەبزووتنەوەی کورددیدا هەیە. هەمیشە دەستپێکردنی بەرنامەکانی حیزب بەقورئان بووە. لەبەر ئەوە حیزب وەک حیزبێک غەیرەرەسمی لایەنگری مەزهەب بووە، ئەمەش کەسی لەم حیزبە لەسەر ئەم کارەی نەهوروژاندوە.

بەڵام ئێستا حیزبی دیموکڕات بەڕەسمی وەک حیزبێکی سیاسی،یەکێتی مەلایانی کوردستانی ڕاگەیاندوە.. ئەم ڕاگەیاندنە لەسیاسەتی ئەمحیزبەدا خۆی نوکتەی گۆڕانی تازەن!!؟لەبەر ئەوە کەحیزبی دیموکڕات ڕەسمیەتی بەدەسەڵاتی مەزهەبداوە لەکاری سیاسی بۆ دواڕۆژی کوردستان؟؟ئەوەی تائێستا بۆدەسپێکەری بەرنامەی ڕادیۆ وتارەکانی حیزب بوون، ئەمڕۆکە بوونە سیاسەتی ڕەسمی حیزب. بەپێی ئەم سیاسەتە، ئیسلامی سیاسی بۆجارێکیتردەوری دەبێت لەکۆمەڵگای کوردستان وحیزبیش بەشێک لەم دەسەڵاتە دەبێت!.

بۆئەم مەسەلەیە ئەوەڵ پرسیار لەڕیزەکانی ئەم حیزبەوە دەست پێدەکات؟؟ئەویش ئایا کادروئەندامە زەجردیتوەکانی ئەم حیزبە، بەدەست دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیەوە کەمیان ئازار دیووە؟؟ئایاحیزب خۆی قوربانی دەستی ترۆریزمی ئیسلامی سیاسی نیە!!؟.لەمەبەدواوە ئەمانە لەکام خانەی سیاسەتەکانی ئەم حیزبەدا خۆیان دەنوێنن وەک کادرو لایەنگری سکۆلاری ئەم حیزبە دەوریان چیدەبێت؟

ئێمە بەجێگەی تووڕەبوون، دەبێ بەدوای ئەم کێشەیەدا بڕۆین وبزانین بۆ حیزب بەڕەسمی، ئیسلامی سیاسی بۆدواڕۆژی کوردستان لەخۆی دەگرێت!!؟

لێرەدائەوە بڵێم کەحیزبی دیموکراتی کوردستان،لەشەرایتی ئێستادا لەباری شکڵ وقەوارەی سیاسیەوە وەک زۆر ڕێکخراوەکانیتری کورد،تووشی ئەزمەی سیاسی وسەرلێشێواوی ڕەهبەری بووە. حیزبی دیموکڕات ڕووبەدەرەوە ڕادەگەیەنێت، ئەم کارە وەک تاکتیکە و بۆجەماوەری بوونی حیزبەکەیەتی!.ئایا ئەمە دەتوانی وابێت وکارێکی تاکتیکی بێت؟ کەحیزبی دیموکڕات کورنووش بۆنیهادێک دەبات! سی ساڵە میللەتی کورد لەکوردستانی ڕۆژهەڵات، لەژێر گورزی کوشندەی ئەم دەسەڵاتەیە!!

ئەڵبەتە ئەمە ئەوەڵ جارنیە حیزبێکی کوردی ئەمە دەکات!! ئەمەش جێگای سەرسوورمان وداچڵەکاندنی کەس نابێ ببێت!؟ئەم حەرەکەتەی حیزبی دیموکڕات بۆ ساسزدانی یەکێتی مەلایان لەکوردستان، وە پشت بەستن بەم قشرەکۆنەپارێزە، دووهۆی دەتوانێ ببێت.

یەکەم ترسی حیزب لەوشیاری کۆمەڵگاو سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی کۆمەڵایەتیە لەکۆمەڵگای کوردستان.ئەم وشیاریەش لەشکل وقەوارە جۆراوجۆر داخۆدەنوێنێت ورۆژدوای ڕۆژ بەداوای کۆمەڵایەتیەوە زۆرتر دەردەکەون. ئەم کێشمەکێشانەی ئەمڕۆکەی کوردستان، کەبەشە جۆربەجۆرەکانی کوردستان لەخۆی دەگرێ ولەقشری خوێندەوار وڕووناکبیرانی بەئەزموون،خەباتی کرێکاری وخۆێندکاران لەدەورانێکی سەرکوت وسانسۆڕدا گەورەبوون وئازادیاندەوێت، ژنان وەک بەشی نادیاری ئەم کۆمەڵگایە، لەهەموو دەورانەکانیتری شۆڕشدا یەکگرتووترو ڕێکخراوتر هاتوونەپێش؟ئەم مودێلەش لەگەڵ شکڵ وشێوەی خەباتی کۆن ناگونجێ..هەروەها لەگەڵ ویست وئامانجی حیزب یەک ناگرنەوەو حیزب توانای قەبوولی ئەم جۆرە وشیارییەی کۆمەڵگای نیە..

هۆیەکیتری ئەوە دەتوانی ببێت، کەحیزب وەک ڕێکخراوەیەکی کۆنی کوردی تووشی ئەزمەی ڕەهبەری بووە لەم بزووتنەوەیەدا..

لێرەدا دەبێ هۆی ئەوەڵ بەجدی بگرین. ئەویش ئەوەیە کە بۆحیزب ئاوائیقدامێکی سیاسی بۆخۆی دادەنێت؟ئەمە هەروا سادەوساکارنیە لەم شۆڕشەدا. ئەم جۆرە سیاسەتە دەتوانێ بۆداهاتووی سیاسی کوردستان خەتەرناک بێت. لەبەرئەوە دەتوانێ خەتەرناک بێت؟ لەموقابیلی چ جەرەیان وهێزێکدا حیزب شەرعییەت دەدات بە ئیسلامی سیاسی لەکۆمەلگادا.

مێژووی خەباتی خەڵکی کورد لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لەم دەورەیەدا، ئەوەی بەکوردوغەیری کورد فاماند، کەئەم حەرەکەتەی حیزب ناتوانێ دووربێ لەسازوسەودای سیاسیی ئەمحیزبە، لەگەڵ دەستەوتاقمی جۆراجۆری سیاسی دژی دیمۆکراتیک لەدوارۆژدا. خۆرێکخستنی ئەحزابی جۆراوجۆر لەگەڵ یەک، لەم ساتەهەسیارانەدا هەمیشە ئاکامی دژی دێکوکراتیکی بەدواوە بووە، خەڵکیش ئەمەیان تەجرەبەکردوە. بەوەرگرتنی ئەم دەرسانەیە، دەتواندرێ ئەم هەنگاوەی حیزب وراگەیاندنی یەکێتیزانایانی ئیسلامی کوردستان، لەدژی بەرەی چەپ وڕادیکاڵی کوردستان خۆببینەوە.. ئەمە چرای سوورە دژی ڕادیکالیزمی کۆمەڵگاو تیژکردنی تیغی شەڕلەدژی گەشەو مۆدێرنیزمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان..

ئەگەرنا...بۆچی حیزبی دیموکرات لەمرۆدا وئالەم سەردەمەتاڵەدا!؟بۆسازکردنی ئاوانیهادێکی ئاینی هەنگاو هەڵدەگرێ وجاڕی بۆدەدات..حیزب بەتەمایی چییە!!؟؟ئایا بوونی ئاوا نیهادێکی مەزهەبیبۆحیزبی دیموکرات، بۆبەهێزبوون وبۆجەماوەری بوونی زۆرتری ئەم حیزبەیە؟ئایا بوونی ئاوانیهادێک لەبزووتنەوەی کوردستان ولەژێر سێبەری حیزبدا، بۆبەهێزبوونی خەباتی یەکگرتووی کوردە..یان بۆ کۆکردنەوەی هێزە، کەلەدوارۆژدا بەگژبەشی وشیارو ڕادیکاڵی کۆمەڵگای کوردستاندابچنەوە؟! لێرەدایە کە حیزبی دیموکرات بەشەرعییەت پێدان بەدەسەڵاتی مەزهەب، بەئاشکرا لەموقابیلی جیایی مەزهەب لەدەوڵەت ڕادەوەستێت! قانوونی دان بەدەسەڵاتی مەزهەب لەژیانی سیاسی ومەدەنی سبەی لەکۆمەڵگای کوردستان، یانی مەرگی کۆمەڵگایەکی عەداڵەت خوازو نوێ خوازە لەکوردستاندا...

لەدژی ئەم حەرەکەتە، بەرلەهەموو خەڵک دەبێ ڕیزەکانی خودی حیزبی دیموکرات داچڵەکن و ئەوان بەدژی ئەم جیهەتە ڕاوەستن..لەبەر ئەوە کە ئەوە ئەوانن وەک منداڵی هەژاری کورد، وەک پێشمەرگەو کەسانی سیاسیی بەشێک لەم کۆمەڵگایە،بوونە قوربانی دەستی دەسەڵاتی مەزهەب لەشۆڕشەکەیان وخوێن وئەسرینیان ڕژاندە سەرخاکی وڵاتەکەیان. دەبێ ڕیزەکانی حیزب، بەشی لاوان وژنان،کەسانی خۆبەتکەر بۆئازادی ومافەکانی خەڵکی کورد لەناوحیزبدا، داچڵەکن و بەخۆیاند بچنەوە..

کێ هەیە لەکوردستان نەزانێ چەندە دەستەوتاقمی ئیسلامی ودینی هەیە، کەهەمووی لەژێرچاودێری ئیتلاعات وئیرشادی ئیسلامی درووست بوون وناوی سەربەخۆیان هەیەو ورێکخراوەی خۆیان بۆ دروست بووە..کۆنترۆڵکردنی مەکتەبی قورئان یەکێک لەونیهادانەیە کەرژیم کۆنترۆڵی دەکات لەدژی بزووتنەوەی کوردستان!،پەروەردەکردنی دەستەوتاقمی ئیسلامی باشووری کوردستان لەگوندوشارەکانی کوردستانی ئێران؟؟دانانی سەدان بونیادی مەزهەبی بۆکونترۆڵکردنی بیروڕای کۆمەڵ وکارکردنیان دژی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ وچەپ..تەعلیموتەربێتی ئەم هێزانەو کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوانە لەمزگەوتی شارو ئاواییەکانی کوردستان، بۆچین ولەخزمەت کام جیهەتدان..

ئەگەر هەمووی خەڵکی کوردستان بۆ جیایی مەزهەب لەدەوڵەت خەباتی نەکردبێت!! خۆ سی لەسەدی ئەم خەڵکە بۆجیایی مەزهەب لەدەوڵەت ڕەنج وخوێنیانداوە..!

نابێ کلاوێکیتر بچێتەسەرمان وسیساڵیتر بچینەوە دواوە.دەووری ئەحمەدی موفتیزادەو مەکتەبی قورئان لەدژی شۆڕشی خەڵکی کوردو نۆکەرییەکانی بۆدوژمن شاراوەنیین..!؟کوردستانی باشوور دوای هەژدەساڵ حکومەتداری وژیان لەفەزایەکی کراوەودیموکراتدا..بەڵام ئەم دەسەڵاتە بۆسازان لەگەڵ کۆنەپارێزیدا، یاسای فرەژنی پەسندکردو کۆمەڵگای کوردستانی لەم بەشەدا، گێڕاوە سەردۆخە هەرەکۆنەکانی ئەم وڵاتە. دامەزراندنی یەکێتی مەلایان لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە، یانی کۆنترۆڵکردنی ئەم حیزبە لەلایەن دەسەڵاتی مەزهەبییەوە...کادرو ئەندامانی ئەم حیزبە چ بیانەوێت وچ نەیانەوێت، ئیدی مەلاوفەقێکان ئەوان کۆنترۆڵدەکەن وبەپێی شەرع هەڵیاندەسووڕێنن..

٠٨/١٢/١